# کەرکوك بەرەو دووڕیانێکی چارەنوسساز

**حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ**
husin966@yahoo.com

سەبارەت بە چارەسەرکردنی دۆز و پرسی کەرکوك وناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان گشت پرنسیپ و فاکتەرە مێژووی و فەرهەنگی و جوگرافیەکان لەمەڕ کوردستانی بوونی ئەو ناوچانە فەرامۆش کراون و پەراوێز خراون ، بەو پێوەدانگەی کە سەرکردایەتی سیاسی کورد هەموو چارەسەرکردنێکی بە دەستوری هەمیشەی ئێراق سپاردووە کە ئەویش بە شێوەیەکی یاسایی بریتیە لە جێبەجێ کردنی مادەی 140 لە دەستوردا و هاوکات لە ڕێگای ریفراندۆم و راپرسی خەڵکی ئەو ناوچانەوە کە بڕیارە تاکو کۆتایی ساڵی 2007 ئەنجام بدرێت ، کەواتە کورد تەنها خیارێك بە دەستیەوە بێت و ئێستا پێگیری لەسەر دەکات بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆئامێز و باوشی ئیدارە و نەخشەی هەرێمی کوردستان مەسەلەی دەستور و ریفراندۆمە .

ئاخۆ چ گرانتێك هەیە بۆ بردنەوەمان لەو کایە و گەمە چارەنوسسازەدا ؟ یان بە ڕاشکاوانەتر بڵێم بۆ بردنەوەی ئەو مادەیە لە شێوەی راپرسیدا چیمان کردووە کە زامن و مسۆگەر کردنی سەرکەوتنمان بۆ بکات و زۆرینەی دەنگەکان بەدەست بهێنین ، خۆ جارێك شارەکانی کفری و چەمچەماڵ و خورماتو و کەلار و هەموو شارۆچکەکانی تر کە کاتی خۆی یەکەیەکی ئیداری پارێزگای کەرکوك بوون و سیاسەتی تەعریب نەخشەی ئیدار ی و کارگێڕیانی گۆڕابوو تاکو ئێستا هەر وەکو پێش روخانی سەدام وەهایە و نەگەڕاونەتەوە سەر ئیدارەی کەرکوك .

سەرکردایەتی سیاسی کورد بەرژدیەوە مکوریی و سوربوونی خۆی لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو مادە دەستوریە نیشان دەدات بەجدیەوە تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی جارێکی تر مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان پشت گوێ نەخرێت و کێسەکەی هەڵنەگێرێ بۆ کاتێکی تر و لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە و دەستی دەستی پێنەکرێت ، ئەگەر ئەم پاشاگەردانیە و ئەو بارودۆخە شلۆق و شپرێوە لە ئێراقدا نەبوایە ، ئەگەر ئەو پێگیری و داکۆکی کردنەی کورد نەبوایە ، ئەوا هەرگیز دەسەڵاتداران و بڕیار بەدەستانی ئێستا لە حکومەتی ئێراقدا بڕیاری جێبەجێ کردنی شتێکی لە جۆرەیان واژۆ نەدەکرد، بەڵام بەو پەڕی ناچاریەوە ( الحكم لله ) سەری رەزامەندیان دەلەقێنن بۆ ئەوەی هەندێك لەو بڕگەی مادەیە جێبەجێ بکرێت ، بەڵام بە دڵ ئیش بۆ ئەوە دەکەن کورد لە دەرئەنجامی کۆتایدا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و نەیباتەوە ، لەو خاڵانەی کە ئێستا لەواری جێبەجێکردندان زۆر بە راشکاوی و ئاشکرا پشتگیری مانەوەی عەرەبە هاوردەکان دەکات لە کەرکوکدا و سەر پشکی کردوون بۆ مانەوە یان گەڕانەوە و هاوکات هیچ پشتگیریەکی ئەوتۆی تێدا نییە بۆ گەڕانەوەی ئاوارە کوردە کەرکوکیەکان ، تەنانەت ئەوانەی گەڕاونەتەوە توشی نیگەرانی و دڵ ساردیەك بوونە لەوە دەترسن هیچ قەرەبوو کردنەوەیەك نەیانگرێتەوە ، بۆیە هەقە حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری کۆمەك بەو کوردانە بکات کە ئێستا لە کەرکوکن و بەرگەی هەموو بارودۆخێکی ناهمواریان گرتووە و سەرباری ئەوەی کە لەو گەڕەکانە نیشتەجێبوونە خۆیان دروستیان کردووە و هیچ خزمەتگوزاریەکی تێدا نییە ئەگەر هەشبێت بە شێوەی پێویست نییە.

پارتە کوردستانیەکان تاکو ئێستا لە کەرکوکدا حزبایەتیەکی تۆخ تۆخ دەکەن کە هەریەکەیان لێژنەیەکی باڵای ئاوارەکانیان دروست کردووە و سەریان لەخەڵکی ئاوارە گەڕاوەکان شێواندووە ، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم رۆژانەدا یادی ساڵڕۆژی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکەی ( سلێمانی و هەولێر )یان کردەووە بەڵام تاکو ئێستا دوو بەڕێوەبەرایەتی پەرەوردەی کەرکوك کە هەردووکیان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن لە ناو شاری کەرکوکدا هەیە و کەسیان خەتی ئەوی تر ناخوێننەوە ، لە کەرکوکدا دوو بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش هەن سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن بەڵام هیچ هاوئاهەنگی و پەیوەندی و هاوکاریەك لە نێوانیاندا نییە و بۆیە ناتوانن بەتەواوی زاڵ بن بە سەر ئاسایشی شاری کەرکوکدا ، چەندین دامەزارو ودەزگای تر هەن دووانە و جمکن هەریەکەیان بۆ پارتەکەی خۆی تێدەکۆشی و تەنها ئیش بۆ لایەنگیر و هەوادارانی حزبەکەیان دەکەن و کەمتر کوردایەتی دەکەن کە کاردانەوەی لەسەر دەرونی خەڵکی ئەو شارە بەش مەینەتە هەیە و کوردایەتی لە پێش چاویان دەخات .

هەقە میکانیزمێك هەبێت بۆ روو بەروو بوونەوە لەگەڵ پێشهات و پەرەسەندنەکانی ئەو دۆخەە سیاسیە و گورج و خێرا کردنی هەنگاوە پراکتیکیەکان بۆ ئەوی هەموو شت لە پێناو گەڕانەوەی ئەو ناوچە دابڕاوانە بێت ، هەر لە ئێستاوە کار بۆ زامن کردنی بردنەوەی راپرسیەکە بکرێت و کات بەفیڕۆ نەدرێت چونکە خوا نەخواستە ئەگەر ئەم گوریس و حەبلە بۆ راکێشانەوەی کەرکوك بۆ سەر ئیدارەی کوردستان پچڕا ئەوا خوا خۆی دەزانێ کەی سەرە گوریسێکی ترمان دەست دەکەوێت ؟ دەبێت چەندی تر قوربانی لەو پێناوەدا پێشکەش بکەین .